زانستی مرۆڤ ئەنترۆبۆلۆجیا

روشنبیری نوێ وەری گێراوە

١ – وشەیەکە لە دوو وشەی یۆنانی وەرگێراوە : **(انثروبوس)** واتە مرۆڤ ، و **(الوغوس)** واتە وشە یان بابەتو لێکۆڵینەوە . کەواتە ئەنترۆبۆلۆجیا یانی زانستی مرۆڤ .

بەلاّم لێکدانەوەو پی‌ناس‌کردنی زانستی مرۆڤ زۆر فراوانە کە تا رادەیەك هەندێ زانستی تر دەگرێتەوە کە زانستی مرۆڤایەتی‌و جوغرافی‌و ئادەمی‌و مێژووی‌و کۆمەلاّیەتی‌و زانستی شارستانی‌یەت‌و دەرونی‌یە ، کە ئەمانەش هەموویان زانستی مرۆڤایەتین چونکە لە یەکێك لە لایەنەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە .

لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە ئەنترۆبۆلۆجیایان ناو ناوە زانستی کۆمەڵگا دواکەوتوەکان . بەلاّم بەزوویی ئەم ناوە دوورخرایەوە چونکە خۆسەپاندنێکی بەسەر نەتەوەکانی پێشودا تیایە کە لەگەڵ گیانی زانستی‌و بەرنامەیەکی دانراوی دروست‌دا ناگونجێ .

لە لایەکی ترەوە جوغرافی‌یە ناسەکانی عەرەب لە ماوەی ئەم (٣٠) سی ساڵەی رابوردودا بەم زانستەیان وتوە لێکۆڵینەوەی ئادەمی کە ئەمەش ناوێکە نرخی خۆی هەیە چونکە وشەی ئادەم زۆر لایەنی سەرەتای و رەچەڵەکی مرۆڤ دەگرێتەوە .

٢ ئەنترۆبۆلۆجیا : زانستێکە

بەشێوەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکان دەکۆڵێتەوەو لەم روەشەوە زانای، مرۆڤی ئەمریکی (م . وایت) دەڵێ : ئێمە لە بەکارهێنانی زانستی مرۆڤدا .

ئەوەندەی مەبەستمان لێکۆڵینەوەی مرۆڤی سەرەتای‌یە ، ئەوەندە مەبەستمان لێکۆڵینەوەی مرۆڤ نی‌یە . ئەمەش مانای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکان یان نیمچە سەرەتای‌یەکان دەگەیەنێ ، چونکە ئەو لێکۆڵینەوە پەرەدارەو پێشکەوتوە گرێدارەی مرۆڤ کە لە کۆمەڵی پێشکەوتوی ئێمەدا هەیە پێویستی‌و ئەرکی زانای مرۆڤ نی‌یە ، بەڵکو ئەرکی زانای کۆمەلاّیەتی‌یە .

جا کە ئەنترۆبۆلوجیا لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە دوو سوچەوە بۆی دەچێ ، یەکەمیان لەبەر ئەوەی بەشێکە لە سروشت یان دیاردەکانی سروشت لە کەون‌دا کە ئەم لایەنەش بابەتی ئەنترۆبۆلۆجیای فیزیقی‌یە کە لە پەیوەندی مروڤ‌و پێشکەوتنی بەچاو کۆمەڵگای ئاژەڵ‌و چۆنیەتی جیابونەوەی مرۆڤ لەگەڵ چەشنەکانی ئاژەڵی تردا دەکۆڵێتەوە کە مەبەستیشی لەمە دابەش‌کردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی‌یە بۆ چەند رەچەڵەکێکی ئادەمی‌و دەرخستنی ئەو بناغەی فیزیقی‌یە کە ئەو دابەش‌کردن‌و پێوەرەی لەسەر بنیات‌نراوە . بەلاّم دووەمیان ئەوەیانە کە مرۆڤ دەگرێتەوە ، وەك زیندەوەرێکی گیان‌دارو خاوەن عەقڵ‌و رۆشنبیری کە ئەمەش ئەنترۆبۆلۆجیای رۆشنبیری‌و کۆمەلاّیەتی‌یە کە هەردوکیان پێکەوە رۆشنبیری‌و رژێمە کۆمەلاّیەتی‌یەکان دەگرنەوە لە کۆمەڵگای ئادەمی جۆربەجۆردا .

لەرووی پێگەیشتن‌و پێشکەوتن‌و بلاّوبونەوەیانەوە هەروەها ئەو یاسایانە ئەدۆزنەوە کە هەموو ئەو دیاردانە ملکەچینی .

دواجار ئەنترۆبۆلۆجیای پراکتیکی (تطبیق) هەیە کە ئەمەش زانستێکە پیاوە سیاسی‌یەکان و زاناکان لە کاتێکا دەیانەوێ چارەسەری کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکان بکەن‌و لەرووی کۆمەلاّیەتی جۆربەجۆرەوە پێشی بخەن هانای بۆ دەهێنن وەك چاككردنی یاسای فێرکردن‌و دادگەری‌و هۆی تەکنۆلوجیا لە کشت‌و کاڵ‌و کاروباری گشتی دارایی . جا لەبەر ئەوەی چەند پسپۆرێك لە بواری چەسپاندنی هۆی چارەسەرکردنی نوێ‌ی کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکان‌دا هەیە کە لەرووی چەسپاندنی‌یەوە چاودێری لایەنە ئاینی‌و فیکری‌یە باوەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن کە ئەمانەش بەتوندی لە رێگای ئەو هۆیانەدا رادەوەستن .

● **ئەنسکلۆبیدیای سیاسی**
بەرگی یەکەم
بە سەرپەرشتی د .**عبدالوهاب‌الکیالی** . دەزگای لێکۆڵینەوەو بلاّوکردنەوەی عەرەبی بەیروت ١٩٧١ .

ئەنترۆبۆلۆجیا وشەیەکی یۆنانی‌یە مانای زانستی مرۆڤ دەگەیەنێ ، بەلاّم ئەم زاراوەیە لەوەش وردتر بەکاردێ‌و مانای زانستی کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکان دەگرێتەوە ، ئەمەش لەبەر

ئەوەیە کە بەشێکە لە سروشت‌و دیاردە سروشتی‌یەکان .

واتە زانستێکە پی‌گەیشتن‌و پێشکەوتنی مرۆڤ باس‌دەکات‌و لە کۆمەڵی ئاژەڵیان جیا- دەکاتەوەو بەپێی بناغەی فیزیقی کۆمەڵگای مرۆڤ دابەشی‌دەکات بەسەر چەند رەچەڵەکێ‌دا کە ئەمەش پی‌ی دەڵێن ئەنثرۆبۆلۆجیای فیزیقی هەروەها دەربارەی رۆشنبیری‌و چالاکی عەقلی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە پی‌ی دەڵێن ئەنثرۆبۆلۆجیای رۆشنبیری . لە لایەکی ترەوە لقێکی کە هەیە کە پی‌ی‌دەڵێن ئەنثرۆبۆلۆجیای پراکتیکی کە لە کۆمەڵگا سەرەتای‌یەکاندا بەکاردەهێنرێ بۆ چارەسەر کردنی رژێم‌و یاسای پەروەردەو دادگەری‌و ئابوری .

●● فەرهەنگی زاراوەی ئەنثرۆبۆلوجیاو فۆلکلۆر
دانانی ایکە هولتکراسی
دەزگای (المعارف) لە میصر
قاهرة ١٩٧٢ .

وشەی ئەنثرۆبۆلۆجیا زانستی مرۆڤ دەگرێتەوە . بەلأم لەبەر ئەوەی کە دوا ئامانجی زوربەی لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤایەتی‌و زانستی‌دەرونی‌و کۆمەڵگا لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مرۆڤدا وەك زانستێکی سەربەخۆ بوون بە ئەنثرۆبۆلۆجیا بۆیە پێویستی بە پی‌ناس‌کردنێکی وردتر هەیە کە ئەمەیە ، لقێکە لە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ کە لە روانگەی پەیوەندی‌و بەرهەمی مرۆڤەوە تی‌ی دەروانێ لەگەڵ ئەمەش‌دا ئەنثرۆبولوجیا لە زوربەی ئەوروپادا بیولوجیای رەگەزەکان یان ئەنثروبۆلۆجیای سروشتی دەگرێتەوە ئەمەش لە ئاکامی ئەو دابەش‌کردنە بو کە لە رابوردودا بەسەر زانستی ئەنثرۆبۆلۆجیای بەربلاودا هات ، کە جیاوازی‌یەکی گەورەی لەگەڵ ئەم‌و ئەوی تردا هەیە کە کۆن لە فەلسەفەدا بەڵگەی زانستی دەرونی دەسەلماند .

شایانی باسە (لاوخد) یەکەم کەس بون کە لە ساڵی ١٨٤١ دا بۆ یەکەم جال بە واتایەکی جیاناز لە ماناي سایکولۆجی پێشو بەکاهێنا کە بەم شێوەیە دەست‌نیشانی کلدبون : بابەتی ئەنثلن‌بۆلۆجیا لێکن‌ڵینەوەی اون هۆیانەی دەلەوەیە کە ئەقڵ مل‌کەچی دەبی‌و ئەن گێران‌کاریانە دەست‌نیشان دەکات کە بەسەل عەقڵ‌دا دێت . ٧ . اونەی گرنگە دیەکەم کۆمەڵەی اەنثرۆبولۆجیا لە چلەکانی سەدەی لابولدودا دادمەزرێنراوە .

هەروەها ئەنثرۆبۆلۆجیا بە مانایەکی زۆر فراوان لە ولأتی ئەنگلوسەکسۆنی - بەتایبەتی لە ولأتە یەکگرتەکانی ئەمەلیکادا هەیە .

مەبەستی ئەنثرۆبۆلۆجیاش تی‌گەیاندنی ملۆڤە لەنێنان لێکۆڵینەنەی چەند لایەنێکی زانستی‌یەوە کە لەوانەیە جیاوازبن‌ن لەوانەشە پێکەوە بەسترابن کە یەك زانستی کێیان دەکاتەنە ٧

هەروەها دوو بەشی سەرەکی ئەنثرۆبۆلۆجیا هەیە کە بریتین لە زانستی سروشتی‌و رۆشنبیری کە لە بەشی دووەمی‌دا لایەنەکانی ئەنتوغرافیاو ئەنثرۆبۆلوجیاو هەندێ‌جاریش -کە ئەگەر لی‌ی جیا نەبێ - شوێنەوارو فۆلکلۆرو زمانەوانی زانستی کۆمەلأیەتی دەگرێتەوە . . جا لێرەدا لەوانەیە یەکێك بەتایبەتی دەربارەی هۆی کۆکردنەوەی ئەم لایەنانە بپرسێت ؟

هەروەها (لتون) لە پی‌ناس‌کردنی‌دا بۆ ئەنثرۆبۆلوجیا راستە کە دەڵێ لەبەل ئەوەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤ‌و ئیشەکانی‌بەتی بۆیە هەندێ زانستی سروشتی‌و هەموو زانستی‌یە کۆمەلأیەتی‌یەکانیش دەگرێتەوە بەلأم زاناکانی ئەم بوارە بەپێی رێکەوتنی نێوان خۆیان لایەنە سەرەکی‌یەکانی لە لێکۆڵینەوەکانیان بریتی‌یە لە لێکۆڵینەوەی ریشەی اادەمی‌و لێکۆڵینەوەی ژیانی اەو گەلانەی کە بە گەلانی سەرەتای ناسلاون .

بەلأم لە راستی‌دا هەلبژاردنی ئەم ناوەش کە وادیارە رەگەزپەرستی تیابێ لەوانەیە هۆیەکی مێژووی بێ کە دەبوایە ئەنثرۆبۆلۆجیا وەك زانستێکی جیاجیا دەستی‌پی‌بکردایە کە بەم شێوە کەڵەکە کردنێکە هەموو ئەو بابەتانەی تیایە کە لە چلەکانو پەنجاکانی سەدەي رابوردنودا وا دادەنرا کە دەتوانێ شارەزایمان دەربارەی مرۆڤ دەوڵەمەند بکات ئەمەش لەپاڵ چەند لێ‌زیادکردنو خستنەسەرێکی گرنگ‌دا هەر وا مایەوە .

ئەنثرۆبۆلۆجیا لەگەڵ ئەوەی کە بابەتەکانی جۆراوجۆرن هەرواش زۆر بەهێزن ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەمویان یەك ئامانجیان هەیە .

لەم روەوە (تاکس) کە یەکێکە لە زاناکانی لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە رایگەیاند کە دان بەوەدا دەنێ کە ئەم یەکگرتنە زیاددەکات‌ن کەم نابی‌و تا ئێستا لە هیچ جێگایەك‌دا رووی نەداوە وشەی ئەنثرۆبۆلۆجیا بەربەست بکرێ لە کاتێکا زۆر جار بەپێچەوانەوە بەردەوام روئەدا بەهۆی نزیك بونەوەی دەوڵەتەکان لە یەکتری‌و باشترین بەڵگەش بۆ هۆی ئاکامێکی تەواوی ئەنثرۆبۆلۆجیای نوێ پەیوەندی نێوان زاناکانە لە زۆر لایەنی جۆربەجۆری بابەتی مرۆڤدا .